کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-5-2007 20:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەردوو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و یەکگرتوو لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 31ی ئەنجومەنی نوێنەران پاشەکشەیان کرد

پەیامنێری یەکگرتوو-بەغدا

هەریەك لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پاشەکشەیان کرد لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 31ی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەرئەوەی پێیان وابوو کە دکتۆر مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران مامەڵەیەکی ناشیرین و نەشیاوی ئەنجامداوە بەرامبەر پەرلەمانتاران و بواری دەربڕینی بۆچوونەکانیانی نەداوە...

هەروەك نارەزاییشیان نیشاندا بەرامبەر گۆڕینی ئەو یاداشتەی کە ژمارەیەك لە ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستانیو یەکگرتوو واژوویان کردبوو تایبەتکرابوو بە درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقو پێیان وابوو کە ئەو یاداشتەی ئەوان واژوویان لەسەرکردووە جیاوازبووە لەوەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەران خوێنرایەوە. لەم بارەیەشەوە پەرلەمانتار سامی ئەتروشی لە لیستی یەکگرتوو ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان واژوویان لەسەر ئەوەکردووە کە درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت نەك حکومەتی عێراقی تاك لایەنە بڕیاری لەبارەوە بدات چونکە دەستوری عێراقی دەسەڵاتی پەسەندکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانی بەخشیوە بە دەسەڵاتی یاسادانان نەك دەسەڵاتی ڕاپەراندن. بەڵام لە دانیشتنی تایبەت بە تاووتوێکردنی ئەم بابەتە یاداشتێکی جیاواز خوێنراوەتەوەو گفتوگۆکان بە ئاڕاستەیەکی تردا براون کە ئەویش بریتی بوو لە تاووتوێکردنی دانانی پرۆژەی یاسایەکی تایبەت بە پاشەکشەکردنی هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراق بەیەکجاری، لەبەرئەمەو مامەڵەی نەشیاوی سەرۆکی پەرلەمان... ئەندامانی ئەو دوو لیستە کوردیە هۆڵی دانیشتەکانی پەرلەمانیان جێهێشتو دواجاریش مەحمود مەشهەدانی بە ناچاری دانیشتنەکەی پەرلەمانی کۆتایی پێهێنا.
هەرلەمبارەیەشەوە ئەگەرچی زۆربەی پەرلەمانتاران لەڕووی مەبدەئیەوە پشتیوانی دانانی خشتەیەکی کاتی بوون بۆ پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمریکا بەڵام دکتۆر مەحمود عوسمان ئاماژەی بەوەکرد کە درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە بدرێتو لەهەمانکاتدا دەسەڵاتی ئەو هێزانەش دیاری بکرێتو داواشی کرد کە حکومەتی عێراقی خۆی ئامادەبکات بۆ پاشەکشەکردنی لەناکاوی ئەمریکا لە عێراق.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.